سەڵاح ڕەئووف.. (٤٠) ساڵە بەبێ دابڕان دەروێشێکی دڵسۆزی تەریقەتی هونەری کوردییە

چاوپێکەوتنی: جەماوەر ئەحمەد

بەشی یەکەم

***پێشەکی دەمەوێت پاسێکی ئەو سەردەمەمان بۆ بکەیت کە بەرێزتان هەستان بە دامەزراندنی تیپێکی منداڵان بە ناوی (پیرەمێرد)ەوە، ئایا ئەوە یەکەم تیپی منداڵان بووە لە شار؟**

-ساڵی ١٩٧٥و دوای هەرەسی شۆڕشی کورد کە گەڕاینەوە بۆ شاری سلێمانی هەستمان بەبێ دایک و باوکی دەکرد، حکومەتی بەعسیش لەلایەکەوە شوێنێکی کردووەتەوە بۆ منداڵان و گەنجان دەرسی پێنەوتن بە ناوی (دائیرەی شەباب)، ئەوان هەدەفی تایبەتی خۆیان هەبوو لەوەدا، بە ئارەزووی خۆیان کاریێکیان دەکرد کە لە خزمەتی خۆیاندا بوو نەک لە خزمەتی منداڵانی شاردا، پاشان ساڵی ١٩٧٦ بۆ ١٩٧٧ میهرەجانێک کرا، سەیرم کرد مامۆستا عوسمان محەمەد ئەمین تیپێکی دروستکردبوو منیش یارمەتیم دان، بەڵام بیرم کردەوە کە تیپێک دروست بکەم.

***کەواتە تۆ یەکەم کەس نەبوویت کە لە شاری سلێمانیدا تیپێکی منداڵان دروست بکەیت؟**

وەک وتم پێش من مامۆستا عوسمان محەمەد ئەمین و دلێر ئیبراهیم تیپێکیان دروستکردبوو، ساڵێک دوای ئەوان بە تایبەتی دوای شەهیدبوونی کاوزان و هاوڕێکانی لە چەند قوتابخانەیەکی شاردا کۆمەڵێک منداڵم کۆکردەوە، بە کوڕ و کچەوە کە زیاتر لە ٤٠ قوتابی دەبوون، لەوانە تیپێکم دروستکرد بە ناوی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد، هەر لەو ساڵەدا کە من لە نیوەی ساڵەوە دەستمپێکرد تا سەری ساڵ بەو تیپە بەشداری فیستیڤاڵمان کرد، بەڕاستی ئەو بۆشاییەی کە بۆ پێگەیاندنی منداڵان هەبوو بەو تیپە کەمێک پڕ کرایەوە، چونکە وەک وتم حکومەتی بەعس منداڵانی فێری بەعسێتی نەکرد، ئێمەش خۆ بەخشانە لەگەڵ ئەو مامۆستا بەڕێزانەیا ئەو کارەمان کرد و خزمەتێکی گەورەمان بە شاری سلێمانی کرد.

***کەواتە شاری سلێمانی بۆ بەرێزت مانای چییە؟**

-من خەڵکی سلێمانیم و لانەی ژیانم بووە، بۆیە وا هەست دەکەم کە من دایکم ئەماوە سلێمانی دایکمە، بەڕاستی نازانم چۆن باسی ئەو شارە بکەم، تەنها ئەوە نەبێت کە بڵێم لە هەموو شوێنێکی دنیام زیاتر خۆش دەوێت.

***مامۆستا دلێر ئیبراهیم کە هەر لە سەرەتاوە هاوڕێت بووە، بە تایبەت لە کاری هونەرییدا، دوای ئەو هەموو هاوڕێیەتییە هەستت چۆنە بۆی؟**

-دلێر ئیبراهیم لە دوو سەرەوە هاوڕێم بووە لەلایەک نزیکترین هاوڕێی کەسیم و لەلایەکیش هاوڕێم بووە لە پیشەکەمدا، بۆیە دلێر بەکێکە لە هاوڕێ هەرە خۆشەویستەکانم.

***بەرێزت مۆسیقارێکی دێرینی شاری سلێمانیت و کۆمەڵێک هاوپیشەی وەک تۆ لەو شارەدا بووە و لەگەڵیاندا کارت کردووە، ناوی هەندێکیانت بیر دەهێنمەوە، دەتوانێت چیبان لە بارەوە بڵێیت؟**

وایەم بیحەننا؟ مامۆستای هەرە گەورەمە، ئێستاش هەر دێرێک بنووسم لە ژێریا دەنووسم پێشکەشە بە مامۆستام (وایەم بوحەننا).

جەمال شامان؟ بە درێژایی ژیانم لە تیپی مۆسیقای سلێمانی بە قسە خۆشەکانی ئەو دەژیام.

خالید سەرکار؟ هاوڕێیەکی خۆشەویست بوو، لە سەردەمانێکدا ئاوازدانەرێکی باشبوو، هەستم دەکرد ئەگەر بەردەوام بێت لەو ڕێگەیەوە بـــــــتوانێت خزمەتێکی گەورە بە میللەتەکەی بکات.

ئەحمەد قەرەداغی؟ هاوکارێکی دێرینمە.

فرانسیس داود؟ مامۆستایەکی ئازیز و خۆشەویستی هاوڕێکانی بوو کەسێکی بە ئەمەکە.

***پاشان با بێینە سەر چەند پرسیارێکی گشتی لەسەر مۆسیقا گۆرانی و هونەرەندی کورد، بۆچوونت دەربارەی ئەو هەموو ناهەقییەی بەرامبەر هونەرەندان دەکرێت، یاخود چەند کەسێک بوونەتە سەرمایەدار بێگومان لە ڕێگەی هونەرەوە نا، بەڵکو لە ڕێگەی نزیکبیانەوە لە بەرپرسان یان بەشێوەیەک لە شێوەکانی تر؟**

-من بەشێوەیەکی تر لەو مەسەلەیە دەڕوانم؛ هەندێک هونەرەمند خۆی وای کردووە کە بەرپرسان هونەر بە سووک سەیر بکەن، ئەوانیش نەشارەزایانە یارمەتی هەندێک بدەن و هەندێکیش پشتگوێ بخەن، نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، جارێک بەرپرسێکی گەورە لەبەردەم زۆرێک لە هونەرەمندان بە هونەرەمندێکی وت: «تۆ کە تائێستا کە دێیت بۆ لای من هەر باسی شت دەکەیت بۆ خۆت داوا دەکەیت نەک بۆ سەرچەم هونەر و هونەرەمندان، بۆیە هونەرەمند خۆی وای لە خۆی کردووە، کە بەرپرسان هونەر لە ڕوانگەی چەند کەسێکەوە ببینن.

***ئەی پێت وانییە دەسەڵاتیش بەشدارە لەو ناهەقییەی بەرامبەر هونەرەمند دەکرێت؟**

-چۆن وانبیە، ئەسڵەن وایە، هونەرەمند خراپە ئەکات، سەیر دەکەیت دەسەڵاتیش کە ولاتێکی بەدەستەوەیە هەست بەوە ناکات دەبێت هونەر ڕێزی بگیرێت وەسیلەیەک بێت بۆ بەختەوەرکردنی خەڵک و ناسینی کلتووری وڵات بە دەرەوەی وڵات، کەواتە کە دەسەڵاتیش هەستی بە وەزیفەی هونەر نەکرد لە کاتە کام هونەرەمند خراپە ئەوە لە پێشە، لە هەموو دنیادا وایە دەبێت دەسەڵات هەست بە هونەر بکات، نازانم لە وڵاتی ئێمە مۆسیقا لای دەسەڵات مانای چییە، بۆ کەیف و ڕابواردنە، بۆ خۆشییە، بۆ چییە؟ کاری هونەر هێشتا لای ئێمە ڕوون نییە، بەڕاستی هونەر خزمەتێکی گەورەیە بە ژیانی مرۆڤانی، بەڵام بە داخەوە وەک پێشتر وتم لەلایەک دەسەڵات بەو شێوەیەیە لەلایەکیش هونەرەمند خۆی وایکردووە کە دەسەڵات باش و خراپی نەزانێت و بە ئارەزووی خۆی کام هونەرەمند لێوەی نزیک بێت ئەوە بە باش بزانێ و کار بۆ ئەوە بکات.

***کەواتە تۆ پێتوایە لەلایەک هونەرەمند خۆی و لە لایەکیش دەسەڵات تاوانبارە لەو ناهەدالەتییەی بەرامبەری دەکرێت؟**

-بـــــەڵێ هەروەلا بەرامبەر هونەر کەمتەرخەمن.

***حاڵەتێکی دیکە هەیە لەنێو هونەرەمنداندا، ئەویش ناتەباییە، بۆ نموونە هونەرەمند هەیە حەز ناکات ئەوی تر ببینێت یان ڕاستگۆیانە لە کاری یەکتر ئـــــاروانێ، ئەمەیان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

-بێگومان ئەوە ڕاستە، بەڵام کاری جوان پێتاسەی هونەرمەندە نەک ناتەبایی و توانج و پاشقولدان لەیەکتر کە ئەوەش بۆ خۆی زەرەرە لە هونەری کوردی، زۆر ناخۆشە هونەرمند توانج لەیەکتر بدەن بەبێ بنەما کە تەنها بۆ شکاندنی بەرامبەرکەیەتی، جارێک لە کاری هونەری لە کەرکوک دەهاتینەوە، هونەرمند عومەر سەرکار لەناو برادەرانـــــدا وتی ئەزانن (فلان هونەرمـــــــــەند) مۆسیقایەکی زۆر خۆشی دانـاوە، برادەرێکیش لەوڵاوە هەڵیدا وتی مۆسیقاکەی هیچ نییە، باوەڕ بکە گوێشی لێیی نەببوو، بەداخەوەم کە هونەرمەنـــــدان بەو شێوەیە ناتەبان لەنێو یەکدا.

***مامۆستا بۆچی هونەرمەندان پایەند نین بە ڕێکخراوی هونەرمەندانەوە، یان ئەگەر ڕازی نین لە کاری ئەو ڕێکخراوە بۆچی نایەن ڕێکخراوێکی هونەری وا دروست بکەن کە لە ناستی داواکاری و ویستەکانی هونەرمەندا بێت؟**

-ئـــەوەی کە تۆ داوای دەکەیت، بێ ئیشی دروست دەکات، هەرچەندە خۆم یەکێکم لە ئەندامە سەرەتاییەکانی یەکێتی هـونەرمـەندان کـە ئـەوکات ڕێکخراوێکی نهێنی بوو، بەڵام ڕێکخراو چی بکات، هەرکاتێک ڕێکخراو بووە مایەی گەشەسەندنی هونەر ئەوە مایەی شانازییە، بۆ ئەم سەردەمە دەبێت بێیت سەیر بکەین بزانین جارێ چی بکەین بۆ هونەرەکەمان، زۆر بەداخەوەم کە دەبێت ئێمە هونەرەکەمان بەناوبانگترین هونەری دونیا بێت بە هۆی ئەو مێژووە دوور و درێژە و ئەو دەوڵەمەندییەی کە فۆلکلۆردا هەمانە، بەڵام نەمانتوانیوە هەقی ئەواو بدەین بە هونەرەکەمان، هونەرمەند هەیە لە وڵاتانی جیهان لەڕێی هـونـەرەکـەیـەوە توانیویەتی شۆڕشێکی هونەری دروست بکات و وڵاتەکەی بگەیەنێتە ئاستی هونەری جیهانی، بەڵام ئێمەی کورد نەمانتوانیوە ئـەوە بکەین، ئینجا چۆن دەتوانین کاری ڕێکخراوەییکی هونەری بکەین، لە ڕاستیشدا کاری هونەرمەند ئەوەیە هونەرمەند بێت نەک ڕێکخراوی بێت.

***کەواتە هـونـەرمـەنـدی کـورد تـوانـای بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی هونەری نییە؟**

-بـەڵـی، تـۆ کـاتـێـک دەتـوانـیـت ڕێکخراوێکی هـونـەری سـەربـەخـۆت هەبێت کە هونەرەکەت لە ئاستێکی بەرزدا بێتو کارت بۆ کردبێت، ئێستە هەرکەسێک بتوانێت کەمانێک بگرێت بەدەستییەوە ئیتر ئـەوە ئەندامی ڕێکخراوی هونەرمەندانە، بۆیە من پێم وایە ئەو ڕێکخراوە هونەرییەی کە ئێستا لە کوردستاندایە لێشمان سەروزیادە.

***چارەسەری ئەو کێشانەی کە باست کردن بە چی دەکرێت؟**

-بێگومان بە هونەرمەند خۆی دەکرێت، دەبێت ئەو کەسە شایستەی ئەوە بێت کە پێی بڵێیت هونەرمەند، دەبێت هەمیشە کاری جوان بکەیت و خزمەتی هونەرەکە بکەیت پاشان خەڵک پێت بڵێت هونەرمەند، یان بێیت دەرگا داخراوەکانی هونەر بکەیتەوە، ئەوە گرنگە، هونەری ئێمە سەدان دەرگای داخـراوی تێدایە، کـاری هونەرمەندی ئێسـتـا پێناسەکردنی هونـــــەری میللەتەکـــــــەیە. پاشان گەشەدان بەو پێناسەیە.

***مامۆستا دیارە تۆ زۆر ڕەشبینیت بەرامبەر کاری هونەری نیستا؟**

-ئێستا زۆر ڕەشبـیـنـم، بـەڵام گەشبینیشم بەوەی ئەمە سەردەمێکە بەسەر دەچێت، ڕۆژێک دێت هونەری کوردی دەچێتە ئاستێکی بەرز و کاری جوانی بۆ دەکرێت و ئەوانەش کە بە هیممەت و هەستی بەرزی نەتەوەییەوە کـاریـان کـــردووە ببنە پێشەنگ و قوتابخانەی هونەری کوردی، بیریشمان نەچێت میللەت ئەمڕۆ قبوڵی ئەکات، سبەی جیلی پێگەیشتوو کە تێگەیشت پەیامی من بۆ دەوڵەمەند بوونمە و بۆ خزمەتی هونەرەکەم نییە قبوڵی ناکات و لێم ڕانەبەپڕێت.

***مامۆستا پێتوایە بە مانا ئەسڵییەکەی، کوردستان ئۆرکسترای هەیە؟**

-ناتوانم بڵێم هەمانە، ئەوەی کە ئێستا هەیە ڕەنگە پێویست بێت یان کارێکی باش بێت، بەڵام شتی گرنگتر لە ئۆرکسترامان هەیە بکەین.

***ئێستا کە دەبینین نزیکەی ٣ تیپی ئۆرکسترا زیاتر مان هەیە، بەڵام ڕابەران و دامەزرێنەرانیان ئاکۆکن و ئەوەندەی ئاشـــــکرایە هیچکام لەوانە ئەوەی دیکەی قبوڵ نییە؟**

-ئەوەی کە دەبیستم و دەیبینم غەڵەتە، ئەگەر چەند تیپێکی دیکەشمان هەبێت باشترە، بەڵام ئەوەی کە باش نییە ئەوەیە کە ئەوەندەی خزمەتی دوو بەرەکی بکەین، ئەوەندە خزمەتی هونەرەکەمان نەکەین، من داوایـان لێدەکەم هەر کارێک کە دەیکەن با لە خزمەتی هونەرەکەدا بێت نەک شتی شەخسی و توانج و پاشقول لەیەکدان، چونکە دەبێت ئیتر هونـەرەمـەندی کورد دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە هونەرەکەمان پێویستی پێمانە و دەبێت کارێک بکەین کە بە مانا ئەسڵییەکەی کـاری بـۆ بکەین، هـونـەری کـوردی پێویستی بەوە نییە بێم مۆسیقایەکی مۆزارتی بۆ لێبدەم پێویستی بەوە نییە لە ئێستاوە بێم شەڕ بکەم.

*** گۆرستانی چراکان لە چوارچێوەی کاری ئۆرکسترادا بوو؟**

-ئاشکرایە ئەو کارە بەشێوەیەک لە شێـوەکـان بەکارێکی ئۆرکسترا هـەژمـار ئەکرێت، ئـەوە خولیبایەک بوو بە تەنسیری ئەو شیعرەی کاک شێرکۆ بێکەس و کەم کاردکرن بوو بۆ ئەنفال، هاتم ئەو کارەم کرد لەسەر شێوەی (کۆتەڵ) بە چوار جوڵە کە ٥٠ دەقیقە بوو، هەرچەندە کەساێتیکیش هەبوون ڕخنەیان گرتبوو لە کارەکە کە ئەمە تۆپەرا نییە و ئەمە چی و چی نییە، بەڵام ئەو براەرانە لە بیریان چووبووەوە کە من نوسیبووم (کۆتەڵی گۆڕستانی چراکان) ئێمە کۆتەڵمان هەیە کە بە ڕاستی کەم ئیشی لەسەر کراوە، لە ناوچەی گەرمیان و خانەقین و ئەو ناوچانەی کاکەبیەکانی تێدایە گوێت لەو جۆرە کارە دەبێت، سەیر دەکەیت ئەوە مۆسیقای وڵاتەکەمانە کەچی ڕەخنە دەگریت و ئایناسیت و باسی سەمفۆنیاشم بۆ دەکات، بابێت لەو کۆتەڵە کە کارێکی گوردییە، بێت جوانترین سەمفۆنیا و کـاری دیکە دروسـت بـکـات، هـەرچـەنـدە مـن بە ئیمکانییەتێکی کەمەوە و ســـەرقاڵ بوونم بە کـتـێـبی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی ئەوەم کردووە.

***ـــــەو جـۆرە کارانـە هیچی نوێت بەدەستەوە نییە؟**

-کارێکی گەورەی نوێم بەدەستەوەیە و ئێستا خەریکی ئەوەم، داستانی (خەج و سیامەند) بە شێوەیەکی نوێتر بکەم.

***چی لایەنێک خەرجی و هەڵسوڕاندنی ئەو کارە لە ئەستۆ دەگرێت؟**

-لای چـــــەند شوێنێک باسم کـردووە و ئـــــــامادەییان دەربڕیوە، بەڵام دەبێت کارەکە تەواو بێت ئینجا ئەوە دیاری دەکرێت.

***پێت وایە مۆسیقاری بە توانامان هەیە لەم جیلە نوێیەی کە نێستە کار دەکات، یان توانای کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی هونەری کوردییان هەبێت؟**

-بەڵێ هەمانە، دەبێت ڕاستگۆ بین و باسیان بکەین بۆ نموونە نەبەز حەمە ڕەشید، ئاکۆ عەزیز، فەرهاد محەمەد.... ئەمانە و چەندانی دیکە ئەوە لەنێو مۆسیقای کوردیدا، بەڵکو لەنێو مۆسیقای ئەوروپاش دەگەمەن و قورسایی خۆیان هەیە، بەڵام بەمانە تەواو نابێت، دەبێت وار لە شەرکردن بێنین، دابنیشین بە یەکگرتووی تەلیفی مۆسیقا بکەین، کارێکی وابکەین کە مۆسیقای کوردی لەو ئارەحەتییەی کە ئێستا تێیکەوتووە دەربهێنین و کاری جوانی بۆ بکەین، مۆسیقارمان هەیە هەموو ژیانی بەشەرکردن بەسەر بردووە هیچی باشیشی لە دوا بەجێنەماوە، ئومێدیشم زۆرە کە ئیتر وردە وردە ئینتمای نەتەوەیی دروسـت بێتەوە لەنێو هونەرمەندان و جارێکی تر بەو ڕۆحییەتەوە کار بکەین کە تەنها بۆ خزمەتی میللەتەکەمان بێت. چونکە تا تۆ ئینتمای نەتەوەیت نەبێت ناتوانیت خزمەت بە وڵات و میللەتەکەت بکەیت، کە هونەرمەند ئینتیمای نەتەوەیی هەبوو ئەوسا دەتوانێت بە مانای تەواو خزمەتی هونەری میللەتەکەی بکات.

سەڵاح ڕەئووف

چـپـەیـەک لـە ئـامێـری مـوزیـکـدا

عەبدولی حەمە باقی

*شاعیرێک پرچی شیعرێکی دەهۆنێیەوە، بە وشـەی جـوان هەناوی شیعرەکەی تەنیبوو، ملوانکەیەک ڕازی پڕ لە تاسەی لە گەردنی شیعرەکەی ئاڵاند، دواتـر ڕووباریێک لە هەناسەی موزیکی لە بەژن و باڵای شیعرەکەی وەردا، پاشانیش لە کۆرێکدا کێژێکی جوان شیعرەکەی خـوێـنـدەوە و بـووە چـەپـڵـەڕێـزان، موزیسانێک لەنێو ئاپۆرەی کۆرەکەدا وتی: موزیکی ناو شیعرەکە جوان بوو! بۆیە هەموانی هێنایە جۆش و خرۆش.

*مۆزات، شۆپان، بێتهۆڤن و باخ و هاوکارانیان ناخی مرۆڤیان بە تەلیسمی موزیک چواند! هەر بۆیەش بەهرە و بلیمەتی، سلیقەی لەوەدا جێرکردەوە موزیک وەک دڵۆپەی باران ببارێنینە ڕۆحـــەوە، تـا ئـــارەزوو خولیاکان بۆ هەمیشە پارلو و تێر چپـــــــــەی موزیک بن، ئەگەر وانەبا گۆتێ –ی شاعیری ئەڵمانی ئەیدوت: «دەبـێ مرۆڤەکان لانی کەم ڕۆژانـە گـێ بۆ پارچەیەک موزیک شل بکەن، تا لە جـــــوانی سروویشت، ژن و شیعر، تێبگەن».

*نزار قەبانی ڕووباریێک وشەی ئۆغر و کەمەر ڕێزینی لە هۆنـراوە چنی و سەوزکرد، پاشان لە گەردن و بەژن و بەرۆکی (بەڵقیس)ی هەڵسووا، دواتریش نزای ئەو شیعرەی لە ژێی دەنگی گڕی هونەرمەند (عەبدوڵڵا غەیس)ەوە بیست، ئینجا نـزار قەبانی وتـی: «ئـەو چامە شیعرە تەلیسمی کۆپلەیەک موزیکە، چاوەکانی بەڵقیس ڕایـدەژەنـێ، بۆیە هەموومان خورمای عەشقین».

*مامۆستا عەبدوڵڵا گـۆران –ی لوتکە سـۆزی گـەورەی شمشاڵەکەی (دەروێش عەبدوڵڵا) بزواندی و میزاجی تێکچووی کـوردەواری هێنایەوە جۆش و خرۆش، لە سوێدیا بە تاسەوە وتی: «گوڵ نەبێ بۆ سەرم زەرد چەپکێ ئاڵ چەپکێ، نایەم بۆ زەماوەند نایەم بۆ هەڵپەڕکێ».

*حـەزرەتـی نالی –ش چەپکێک گوڵی شیعری موزیکی پەپوولەی خەیاڵی بە دەنگی جریوەی مـەل – ئـکدا بۆ حەبیبە نارد، کەچی لە سینەی بەهرەی (قادر زیرەک)ی جوانەمەرگدا بێ مەزەی ماچێکی لێوان تەلی کەمانی ژیانی پسا، بەڵام تـــــا ئێستا لەو کەلە دەنگی سازدێ و دەجریوێنێ.

*خاتوو میدیای زەندێ-ش لە سەر باڵی هەناسەیەک وتی: شەوانە حەسەن زیرەک هەر گینگی بەخۆی دەدا و لەبەر خۆیەوە دەبـزووت، دەمپرسی زیرەک خولیای چیت! ئـەو دەیـووت: دەست و پەنـــــــــجەی موزیکی میرزادە ئۆقرەیان لەبەر بڕیووم، خەریکە مندانێی دەنگم دەتەقێ!

*لە ئامێزی هەناسەیەکی قوڵدا موزیکی لار و لەنجەی سیت فاتمە پەیکەرێکی هەمیشەیی لە ڕۆحی هەردی –دا دروستکرد، تا هەردی چاوەکانی لێکنا ناوی خاوەن پەیکەری نەزڕاند.

*موزیک، لە وەڵامی هەموو ئەمانەدا دەڵێ: لە خۆشی و پەژارەتانا، هاوڕاز و هـاو خەمتانم، لە سـۆزی دەنگی لەیلایەی دایک –دا دەتـان لاوێنم، لە قریوەی پاکی منداڵ –دا بەختەوەریتان پێدەبەخشم، لە هـەمـوو شـوێن و ساتێکدا فەرامۆشتان ناکەم. کەوابێ هاوڕێی شیرینی هەمووتانم.

ڕۆژی ٦/ ١١/ ٢٠٠٨ بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ئاهەنگێکی ڕێزلێنانیان بۆ هونەرەمند (کەریم کابان) سازکرد